# سەرباز

ئازاد کەریمی



هەر کەس وڵاتی خۆش بوێ

پاک و بەڕێزە وەک

سەرباز

من سەربازم و تەرمەکەم

کفنی باڵای دار و بەرد و وڵاتی

خاکەکەمە

سەرفەرازم بە چاوەکانمەوە

لەبەر ئەوەی لە ئاسۆدا

ئازادبوونی خۆم ئەبینم ئەگەر تۆ پێتوایە

خۆر و مانگ و ئەستێرە و ئاسمانیت!

بەڵام من مرۆڤم و توانام هەیە

ئەگەر ئاسمان و ئەستێرە و مانگ و خۆرم نەبێ

لە خانووەکەمدا بە خەیاڵ

ئاسمان و ئەستێرە و خۆر و مانگ بۆ خۆم بخولقێنم!

ئەو خەیاڵەی من لە خانووەکەمدا

ڕاستەقینەترە

لە واقێعی تۆ!

کەواتە من تۆم بەزاندووە

لەبەر ئەوەی تۆ ناتوانی خەیاڵی من زنجیر بکەی!

**هەڵبەستێک لە کورتەچیرۆکی بەندیخانەی بورسوئین، لاپەڕەی ٦٩ ، کتێبی بەندیخانەی بورسوئین، نووسینی ئازاد کەریمی، وەزارەتی رۆشنبیری کوردستان-عراق، هەولێر ٢٠١٢**